# تۆ هەرچیت ووت بوو بە درۆ
## هۆنراوەی شالاو

پەیمانت داسێبەرم بیت
لەورۆژانەی
بەبێ کەپرو دارستانم
کاتێ هەتاو دەمسووتێنێ
ببیت بە تریفەی مانگە شەو
ئەو دەمانەی خۆر گیرانەو لێلە ئاسۆ
بڕیارت دا لە گاڵما بیت
تا ئەو ڕۆژەی
لە باوەشی یەکتریدا
دەتوێینەوە
یان ئەو کاتەی
لە یەکترمان دادەبڕێ مەرگ وگلکۆ
تۆ سوێندت خوارد هەتا سەر بێ
خۆشەویستی و وەفاداری
چەند جار دەتگووت
پێکڕا جوانە
عیشق وڕاستگۆ
بە فرمێسکی چاوەکانت
بۆت دەنووسیم
چارەنووسم
یان بۆ ساردی مەرگ و مردن
یان بۆ گەرمی باوەشی تۆ
نەمدەزانی ڕۆژێک دادێت
هەرچی سوێندو پەیمان هەیە
هەڵئەوەرێ لە ژێری پێت
بەڵێ ئیتر ئەوەی هەمە
پەیامێکی پڕ لە ساردی هەناسەمە
تەنها بۆ تۆ

**چی وەڵامی ئەو دڵەی خۆم بدەمەوە**
**دونیا وا هەمووی دەیزانێ**
**تۆ هەرچیت ووت بوو بە درۆ ...**

www.shallaw.info.se